


# هەڵفڕین

ئێرەج پزیشک نیا
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

ئاخری ڕۆژێ، دەم ئێوارێ دەرکی قەفەسەکە ئاواڵە مایەوە. زەریلە* چکۆلەکە لە مێژ بوو بە هیوای وەها دەرفەتێک بوو. لەوەتی وەبیری دەهات لەناو قەفەسێکدا بەند کرا بوو. نەیدەزانی کێ خستوویەتییە ئەوێوە. ڕەنگە هەر لەناو ئەو قەفەسەدا لە دایک بووبێ. ئێستا ئەدی هەموو شتێ بۆ ئەو ماندوویەتی دێنا.

تا کەی دەیتوانی لەسەر چیلکەیەکەوە بپەڕێتە سەر چیلکەیەکی تر، یان پەنجە ناسکەکانی لە نێوان تێلەکان قایم بکا و بچریکێنێ، تەنانەت لە چریکاندنیش وەڕەز بووبوو. بۆ کێ بچریکێنێ؟ وەرزی بەهار و هاوین هێشتا باشتر بوو؛ لانی کەم بە ڕۆژ قەفەسەکەیان بە پەلکی دارێکەوە هەڵدەواسی و خۆرەتاوێکی خۆش جەستەی گەرم دادێنا. پۆلێ چۆلەکە لەسەر پەلکەکانی دار لە بان سەرییەوە، دەنیشتن و هەڵدەفڕین و جیکەجیکیان ئەوی سەرخۆش دەکرد. کاتێ بە پۆل هەڵدەفڕین، ئارەزووی دەکرد لە نێوان تێلەکانی قەفەسەوە بچێتەدەر و باڵ بگرێتەوە و بە شوێن چۆلەکەکاندا لە ژێر ئاسمانی کەوەیی گەڕیان بکا. کاتێ ئەوان لە لێو حەوز هەڵدەنیشتن و ئاویان دەخواردەوە، ئەویش دەچوو باڵەکانی لە کاسەیەکی بچووکی کاشیدا دەشۆرد کە لە سووچی قەفەسەکە دانرابوو. بە ئاواتەوە بوو ڕۆژێ لە لێو حەوز هەڵنیشێ و وەک چۆلەکەکان بە شاشای دڵی* ئاو بخواتەوە. لە قەفەسەکەیدا نە قەت تێری خواردبوو، نە قەت ئاوی ئاسوودەیی بە گەروودا ڕۆیشتبووە خوار.

لە هەموو شتێکی قەفەسەکە جاڕز بووبوو... بەڵام بەو حاڵەش ڕۆژگاری هاوین و بەهار خراپ نەبوو، هەر جۆر بایە لەگەڵی ڕا دەهات، بەڵام ئێستا ئەدی نەدەکرا تاقەت بێنێ. قەفەسەکەیان لەناو دالانێک دانابوو کە لەوێوە هیچ شتێک دیار نەبوو. تەنیا پەنچکێ ئاسمان لە کولانکەی سەربانەوە دیار بوو کە زەریلە چکۆلەکە هەمیشە لەوێوە بۆ دەرێی دەڕوانی. جاری وا قالاوێکی دەدی کە تیژ تێدەپەڕی و جاری واش لە کولانکەوە، پشیلەیەکی ڕەش سەری دێنا ژوور کە ئەو قەت نەیتوانیبوو سەیری چاوی بکا. شەوانە سەرمای دەبوو. ئەو ئاوەی لە قەفەسەکەشدا بۆیان دادەنا دەیبەست، ئەو هەمیشە لە سووچێک هەڵدەکورما و گوێی لە دەنگی جۆراوجۆر هەڵدەخست کە هیچ کات نەدەبڕاوە.

حەزی دەکرد لە نێوان تێلەکانی قەفەسەوە دەرباز بێ، جا ئەو کەڕەت خۆی دەیزانی چ بکا. یەکڕاست بەرەو ئاسمانی کەوەیی ملی ڕێی دەگرت و دەڕۆیشت. لە بەختی خۆی ئێستا... دەرکی قەفەسەکە لەسەر پشت کرابووەوە و دەیتوانی بە هەموو ئاواتەکانی بگا. دەنگی قالاوەکانی دەهاتەگوێ و سووکە لەرزەیەک دەخزا ژێر باڵەکانییەوە. ئەو هەمیشە لە قالاوەکان دەترسا. چەند جار لەسەر چیلکەکانی قەفەس بۆ ئەم لا و ئەولا قەڵەمبازی دا. چەند دەنک هەرزنی خوارد و لەپڕ بێ هیچ بیرکردنەوە، باڵی گرتەوە و لە قەفەسەکە هاتە دەرێ و خۆی گەیاندە لێو کولانکەکە. لەسەر لەتە خشتێ هەڵنیشت و سەیری دەوروبەری کرد. خەریک بوو دڵی لە لێدان بکەوێ. سنگی دەهاتە پێش و دەچووەوە ژوور. ئەو قەت ئەوەندە دوور هەڵنەفڕیبوو. کزەبایەکی سارد پەڕە وردەکانی جەستەی هەڵدەداوە. زەردەی خۆر هێشتا لەسەر چڵووکی دارەکان و لە لێو سەربانە بەرزەکان و لە دوندی کێوە پڕ بەفرە دوورەدەستەکان هەر مابوو. زەریلە چکۆلەکە ئەدی گوێی لە هیچ شتێک نەبوو، تەنانەت ترسی لەو قالاوانەش نەبوو وا پۆل پۆل بە سەریدا تێدەپەڕین و قاڕەقاڕیان دەکرد. دەیویست لە ژێر ئاسمانی کەوەییدا گەڕیان بکا. دەیویست بچێتە سەرچڵووکی زێڕینی دارەکان و لەوێ بە یادی ڕۆژگاری بەهار، پەڕوباڵی سەرمابردووی بە تینی خۆر گەرم دابێنێت.

باڵەکانی ماندوو بووبوون، بەڵام هیچ بە لایەوە گرینگ نەبوو. دەبوو دیسان باڵ لێدا. بە کرووشمەیی* چاوی بڕیبووە چڵووکی ئەو دارانەی کە بە سۆنگەی تیشکی خۆرەوە تەلاییان دەنواند. قەوەتێکی دا لە باڵی و دیسان هاتە هەڵفڕین. خولێکی لێدا و خۆی گەیاندە سەر چڵی دارێک، بەڵام خۆر زۆر لەسەرتر بوو، دەبوو دیسان هەڵفڕێ. لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی تر بازی دەدا و کلکی دەجووڵاندەوە و دەیڕوانییە بان سەر و هەمیسان بەرەو چڵی سەرەوە باڵی لێدەدا. بەهۆی جووڵەجووڵییەوە چەند گەڵای وشکەڵاتوو کە لە نێوان چڵەکاندا گیریان کردبوو، ترازان و کەوتنە خوار. ئاخری خۆی گەیاندە بەرزترین چڵ کە خۆری لێ کەوتبوو. لەمەودوا ئەدی هەر ئاسمانی کەوەیی دیاری دەدا و هیچی تر. قالاوەکان هێشتا هەر هەڵدەفڕین.

کەمێ چاوی لە خۆر کرد کە کێوەکان بۆ قووتدانی دەمیان کردبووەوە، زەریلە چکۆلەکە هێشتا خۆی گەرم دانەهێنابوو کە خۆریان ئاوەژووی ئەو دیو کرد*. تەزووی سەرما زیادی دەکرد و ماوەیەک دواتر دەتکوت تۆزی

خۆڵەمێشیان بە هەموو شوێنێکدا هەڵپرژاندووە، بێجگە لە ڕەشایی، شتێ بەدیارەوە نەبوو، زەریلە چکۆلەکە کتوپڕ کەوتبووە تاریکییەوە. پێیەکانی دەلەرزی و دەترسا خۆی لەسەر چڵ بۆ ڕانەگیرێ. هەوا تاریک بووبوو. ئەدی برستی نەمابوو لەسەر دار خۆی بەند بکا. سەربانێکی هەڵنا و بەرەو ئەوێ هەڵفڕی. باڵەکانی قورس بووبوون، با بۆ ئەو لا و ئەولای دەبرد، وەختێ گەیشتە سەربانەکە، هیچ هێزی لە باڵدا نەمابوو، دەتکوت باڵەسووکەکانی لەپڕدا بوونەتە باڵێکی ئاسنین.

ماوەیەک چاوی لەم لا و ئەولا کرد. ئاسمانی کەوەیی جێگای خۆی بە ڕەشاییەکی سامناکدا بوو. لەپڕ دەنگێ بە گوێی زەریلە چکۆلەکە گەیشت. دەنگێ کە وەک دەنگی خۆی لەگەڵی ئاشنا بوو. دەنگی ئەو پشیلە ڕەشە بوو کە بەردەوام لە کولانکەی دالانەکەوە سەری دێنا ژوورێ و زەریلە چکۆلەکە قەت نەیتوانیبوو بڕوانێتە چاوی. دەنگی پشیلەکە کات لەگەڵ کات نزیکتر دەبووەوە.

با خێراتر بووبووەوە و کەم کەم بە نێوان دارەکان و بە بان سەربانە خەبەنگەکاندا* لوورەی دەکێشا. بریقەیەک لە چاوی پشیلەکە دەدرەوشاوە، هەر زەریلە چکۆلەکە چاوی پێکەوت، لە شەقەی باڵی دا. ئەدی جێیەکی شک نەدەبرد لێی بنیشێتەوە. لە پشیلەکە و تاریکی دەترسا. بە باڵی شەکەت و قورسییەوە لەگەڵ بادا لە ئاسمان، خولی دەخوارد و لە بیری دۆزینەوەی ڕێگایەک بوو. بەرەو خوار و ژوور هەڵدەسووڕا و جارجار ئەوەندە باڵی ماندوو دەبوو کە ناعیلاج خۆی لە حەوادا وێڵ دەکرد و با بۆ ئەو لا و ئەولای دەبرد. سەرلێشێواو مابووەوە. ئەدی چاویشی هیچی نەدەدی. لەناو تاریکی هەڵدەخولا و بەشوێن دۆزینەوەی قەفەسەکەیەوە بوو. لە ڕێیەک دەگەڕا کە دیسان ئەو بۆ دالانە تەنگەبەرەکە بباتەوە و بۆ لای کاسە ئاوەکە و بۆ سووچی قەفەسەکەی، بەڵام با لەگەڵ خۆی دەیگێڕا و لەناو تاریکیدا خولی پێدەدا...

**پەراوێزەکان:**

* زەریلە: زەردەزیرە، مەلێکی بچووکی ڕەنگ زەردە کە لە کەناری دەچێ.
* بە شاشای دڵی: بە ویست و ئارەزووی دڵی.
* بە کرووشمەیی: بەکزی، بەماتی.
* ئاوەژووی ئەو دیو کردن: بریتییە لە قووتدان، خواردن.
* خەبەنگ: شیروانی.

**سەرچاوە:**

م. آزاد (١٣٤٢)، یادنامەی ایرج پزشک نیا، مجلەی آرش، شمارە ٦.